**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤١٢٠ لە ٢٠٢٣/٤/٤**

پاڵپشت بە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٥) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**ڕێکخستنی بڕی بەرامبەر ساڵانەی بانەوانی (مساطحة )**

**یەکەم:** پێویستە هەر (٥) پێنج ساڵ جارێك پێداچوونەوە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانی (مساطحة) بکرێت .

**دووەم:** ئەم پێداچوونەوەیەی لەخاڵی (یەکەم)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە لە لایەن لیژنەی خەمڵاندن ئەنجام دەدرێت کە لە ماددەی (٨) لە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێکخراوە.

**سێیەم :** پێداچوونەوە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانی لەسەر بنەمای سوودی پێشبینی کراوە بۆ ئەو (٥) پێنج ساڵەی داهاتوو لە گرێبەستەکە دەبێت لە دوای دەرهێنانی بڕی بەرامبەر کرێی ساڵانەی گرێبەستەکە و خەرجییەکانی نۆژەنکردنەوە و چاکردنەوەی پێویست و ڕەچاوکردنی باج و رسومات کە لە ئەستۆی بانەوانە (مساطح) لەگەڵ ڕەچاوکردنی شوێن و ڕووبەری زەوییەکە.

**چوارەم:** لە کاتی پێداچوونەوە پێویستە ڕەچاوی داهاتی گشتی بکرێت و مەرج نیە نرخەکە هەموو جارێك زیاد بکرێت بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێت کەم بکرێتەوە.

**پێنجەم :** پێداچوونەوە بە خەمڵاندنی گرێبەستەکانی بانەوانی (عقود مساطحة) بە بنبڕ هەژمار ناکرێت تاکو لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند پەسەند نەکرێت ، و لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ڕیکەوتی کۆنووسی خەمڵاندن بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت و بڕیاری کۆتایش بە بنبڕ دادەندرێت.

**شەشەم:** لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی (٥)ی ئەم ڕێنماییە دەسەڵاتی تایبەمەند دەتوانێت داوا لە لیژنەی خەمڵاندن بکات بۆ دووبارە خەمڵاندنەوەی ، ئەگەر بڕی بەرامبەری خەمڵێنراو شایستە نەبوو ئەمەش بەپێی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٩) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١.

**حەوتەم :**پێویستە فەرمانگەی پەیوەندیدار ئاگاداری بانەوان (مساطح) بکات کە خەمڵاندنی نوێ ئەنجام دراوە پێش ناردنی کۆنووس بۆ دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ پەسەند کردنی ، بانەوان (مساطح) مافی پەڵپی هەیە (حق الاعتراض) لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی (پێنجەم)ی ئەم ڕێنماییە بە داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بە دەسەڵاتی تایبەتمەند بکات پێش پەسەند کردنی خەمڵاندنەکە.

**هەشتەم :** دوای پەسند کردنی پێداچوونەوەی خەمڵاندن لە لایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند پێویستە لەسەر بانەوان (مساطح) پابەند بێت بە دانی بڕی بەرامبەری ساڵانەی دیاریکراو لە دوای پێداچوونەوە ، بە پێچەوانەوە بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (١٥) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت.

**نۆیەم:** دەبێت فەرمانگەی پەیوەندیدار هەڵبستێت بە هەموارکردنەوەی ئەوخاڵەی گرێبەستی بانەوانی (عقد المساطحة) بکات کە تایبەتە بە بڕی بەرامبەری ساڵانەی بانەوانیەکە بەپێی خەمڵاندنی نوێ.

**دەیەم:** بە ڕەچاوکردنی ماددەی (٣٦) لەیاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەسەر هەموو گرێبەستەکانی بانەوانی (عقود المساطحة) کە لەلایەن فەرمانگەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێت

**یانزە:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**